سەرۆک وەزیرانی عێراق: ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە بە ئازارەوە ئەم تاوانە و قوربانییەکانی بەبیردەهێنینەوە

مەحەممەد شەیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق: "لە 36هەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەدا، بە ئازارەوە ئەم تاوانە و قوربانییەکانی بەبیردەهێنینەوە، کە بۆ نەوەیەکی زۆر دڕندەیی ڕژێمی گۆڕ به گۆڕ و تاوانەکانی دژی گەلی کورد و تەواوی خەڵکی عێراق پشتڕاست دەکاتەوە، ئەم تراژیدیایە لە ویژداندا تازە دەمێنێتەوە و هانمان دەدات زیاتر کار بکەین بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسیمان".

وتیشی: هەوڵەکانی حکومەت بەردەوامن لە گەیاندنی دادپەروەری بۆ خەڵکەکەمان کە خراپیان لەکراوە و یاساکانیان جێبەجێ دەکەن کە پشتگیری مافەکانیان دەکەن.